

# ئۆتۆمبیلەکان لە زەوییەوە بەرەو ئاسمان

پێدەچـێ رۆژێـك دابێت ئۆتۆمبێلەكان لەسـەر زەوی نەمێنن و هەموویان وەك فرۆكە بە ئاسماندا بخولێنەوە.. رەنگـە ئەمـە خـەون و خـەیـاڵ بێـت، بـەڵام لـە دونیای تەكنەلۆژیادا هیچ شتێك خەون و خەیاڵ نییە. نزیكەی ٣ ساڵە بە چڕی هەوڵ دەدرێت ئۆتۆمبیلی فڕۆك

# یەکەم میمۆری SSD سەد ترابایتی

ئەگـەر تەنیا بۆ دە سـاڵ لەمەوبـەر بگەڕێینـەوە، بیركردنـەوە لـە بەرهەمهاتنـی هـارد یا میمۆری ١٠٠ ترابایتـی بـە خەیاڵیـش نەدەگونجا.. سـەد ترابایت یانی ئەگەر گەورەترین كتێبخانەی جیهان ببێت بە فایلی PDF بە زیادەوە تێیدا دەگونجێت..

مانگی رابردوو سامسۆنگ پێوانەی بەرزترین میمۆری SSD تۆمـار كـرد، ئەویـش بەرهەمهێنانـی میمۆرییـەك بـە قـەوارەی داكردنـی داتـای ٣٠ ترابایـت! وابیردەكرایـەوە میمـۆری دواتـر لەلایـەن هـەر كۆمپانیایەكـەوە بەرهەم بێت ئەوپـەڕی ٥٠ ترابایت دەبێت، بەڵام كۆمپانیای «نیمباس» گەیاندییە ١٠٠ ترابایت.

ئەو پێوانەیی بڕی و كۆگای داكردنی داتاكان واتە میمۆری دوو جۆری هەیە HDD ئـەوەی پێیدەگوترێت هارددیسـك و هەروەها SDD.. میمـۆری جـۆری ExaDrive DC100 کـە لـە جۆری SDD یـە خێراییەكـی یەكجار زۆری هەیـە و دەتوانێت لە ماوەی چركەیەكدا ٥٠٠ میگابیت لە خۆیدا خەزن دەكات. كۆمپانیـای ناوبـراو جگە لەو هـاردە SSDیە میمۆرییەكی دیكەی بە قەبارەی ٥٠ ترابایتیش بەرهەم هێناوە.



# سەرنجێک لەسەر سپیی

بـازاڕ بەرهەمهێنانـی سـپیكەرە هۆشـمەندەكان گەرمـە، سـپیكەرەكان شـوێنی رادیـۆ و ئامێرەكانی بڵاوكردنـەوەی دەنگ دەگرنەوە. ئاخر لەوە گرنگتر سپیكەر (بڵندگۆ)یەك نە میمۆری لەسەر بێ و نە شریتی بخرێتە سەر و نە هیچ شتێكی دیكە تەنیا بە فەرمانی بەكارهێنەرەكەی كار بكات، ئەوەی داوای بكات بۆی لێبدات لەوە گرنگتر..

كۆمپانیـای ئەپـڵ یەكێك نوێترین سـپیكەری سـمارتی خۆی بەناوی Homepod بەرهەمهێناوە، سپیكەرێك كە بۆ دەنگ هاوتای نییە و ماڵەكەت پڕ دەبێت لە مۆسیقا.. سپیكەرێك كە لەناوەوەیدا لە حەوت

گشتگیر بكرێت.. لە نوێترین هەوڵیشدا كۆمپانیای aeromobileە كە ئۆتۆمبلێكی فڕۆكی بەناوی (AeroMobil 5, ٠ VTOL) بەرهەم هێناوە. لە راستیدا ئۆتۆمبیلێكی ئەلكترۆنییە كە شوێنی چوار كەسی دەبێتەوە. بە سوود وەرگرتن لە «روتۆر»ەكان كە لە كۆتایی باڵەكانیەوە داندراوە بەشێوەی ئاسۆییش بفڕێت و بنیشێتەوە.

كۆمپانیای بەرهەمهێن رایدەگەیەنێ بە تەما نییە ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلە لە چەند ساڵی رابردوودا بۆ فرۆشتن بەرهەم بێنێ بەڵكو ئەوەی بەرهەمیشی هێناوە تەنیا بۆ نمایشە.. بەڵام جۆرێكی دیكەی هەیە بە تەمایە لە ساڵی ٢٠٢٠دا بیخاتە بازاڕەوە..





## تەبلێتێكی گەورە بۆ چێشتخانە

لە سەردەمی تەكنەلۆژیای نوێدا، گشت شوێنێك تەنانەت ژووری نووستن و چێشتخانەكانیش ئامێری دیجیتالی تایبەتیان بۆ بەرهەم هاتووە، لە چێشتخانەكاندا ئێستا تەباخی سمارت، مەنجەڵی سمارت، ئامرازی دیكەی سمارت دەبیندرێن..

نوێترین ئامرازی تایبەت بە چێشتخانە، تەبلێتێكی قەوارە گەورەیە واتە٢٧ ئینجە.

تەبلێتەكەی ئاشپەزخانە كە بە Family hub ناسراوە. تەبلێتەكە لە چێشتخانە هەڵدەواسرێ و وەك «hub» كار دەكات و دەتوانی گشت ئامێرە هۆشمەندەكانی ماڵەوەی پێ كۆنترۆڵ بكەی وەك، كامێراكانی چاودێری، سەلاجە، مایكرۆ، ئامێرەكانی دیكەی ماڵەوە... بە سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت و پرۆگرامەكانی فێركاری چێشت لێنان پەیوەند دراوە و دەتوانی بەچاو لێكردن لە ڤیدیۆكانی فێركاری چێشت لێنان ئەو چێشتەی مەبەستتە لێی بنێی.




## ـــــكەرە نوێیەكەی ئەپڵ

سپیكەری بچووك پێكهاتووە و دەنگ بۆ هەموولایەك وەك یەك بڵاو دەكاتەوە.

سپیكەرە هۆشمەندەكە هەروەك ئاماژەی پێكرا بە دەنگی بەكارهێنەرەكەی كار دەكات و داواكان جێبەجێ دەكات، ئەگەر داوا بكەی بڵێی فلانە گۆرانییەم بۆ لێبدە، لێیدەدا، لەو گۆرانیانەی حەزی لێدەكەی دەنگی بەرز دەكات، كەش و هەوای رۆژانەت پێ رادەگەیەنێ و هەواڵەكان دەخوێنێتەوە، لەكاتی چێشت لێناندا بیرت دەهێنێتەوە كە كەی خۆراكە پێدەگات و كەی ئاگرەكە نزم بكەی، دەتوانی بەهۆیەوە كورتەپەیام بەڕێ بكەی.




# کاتژمێری کلاسیک بەڵام هۆشمەند

گۆڕانکاری زۆر بەسەر کاتژمێردا هاتووە، هەم لە دیزاین و هەم لە ئەرکدا، چەند ساڵێکە کاتژمێرە زیرەکەکان پەرەیان سەندووە، بەڵام ئەوانەی کاتژمێر بەکاردێنن هێشتا وازیان لە کاتژمێرە کلاسیکیەکان نە هێناوە، هەربۆیە کۆمپانیایەکی سویسری بەرهەمێکی سەرنج راکێشی دروست کردووە، کاتژمێرێکی کلاسیك بەڵام بە کرداری هۆشمەندانە.

کاتژمێری جۆری X-ONE H1 تێکەڵاوێکە لە هەردوو کاتژمێری کلاسیك و کاتژمێری زیرەك، وەك کاتژمێرە سمارتەکان دەتوانی پەیوەندی پێوەربگری، کورتەپەیامەکان بخوێنیتەوە، بە سوود وەرگرتن لە دوگمەکانی سەر کاتژمێرەکە دەتوانی مۆسیقای پێ بلاوبکرێتەوە. پێوانی هەنگاوەکان و چەند توانایەکی دیکەشی هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك پرسیاری ئەوە دەكات ئایا لە رێگای GPS وە دزە دەكرێتە ناو موبایلەكەت واتە وەك بلوتوس و وای-فای؟**

خوێنەری بەڕێز لە پرسیارەکەتدا ئەوە دەردەکەوێ یانی دەکرێت لە رێگای GPS بچنە ناو موبایلەکەت و هاکی بکەن؟ لەوەڵامدا دەڵێم بەڵێ، هاککەرە شارەزاکان دەتوانن بە سوود وەرگرتن لە کرانەوەی GPS ی موبایل بچنە ناو موبایلەکەت، بۆیە پێشنیار دەکەم هیچ کاتێك جگە لە شوێنی خۆی و بەمەبەستی تایبەت ئەگینا هیچ کات GPS تان چالاك نەکەن. چونکە ئەگەر هیچ نەتوانن بکەن دەتوانن شوێنی جوگرافیای تۆ دەست نیشان بکەن و بۆ هەر شوێنێك بچی بزانن تۆ لە چ شوێنێکی..

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی DVD



پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن بۆ دروستکردنی فیلمی DVD، هەندێك لە پرۆگرامەکان شوێنێکی زۆر دەگرن لە کۆمپیوتەردا و هەندێکیشیان بۆ کەسانی ناشارەزا رەنگە بەکارهێنانیان ئەستەم بێت.. بەڵام یەکێك لە پرۆگرامە ئاسانەکان پرۆگرامی Tipard DVD Creator یە، پرۆگرامەکە پشتیوانی لە گشت فۆرماتێکی ڤیدیۆیی دەکات. بە ئاسانی دەتوانیٚ ژێرنووسی فیلمەکان بە ڤیدیۆکانەوە زیاد بکەی، یان ژێرنووسی فیلمەکان بە ویستی خۆت بگۆڕی.

بەهۆی پرۆگرامەکە دەکرێت menu سەرنج راکێش، چوارچێوەی جوان، جۆری دوگمەکان، فۆنت و رەنگی فۆنتەکان بە ویستی خۆت دابنێی.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی ناوبراو ئەمانەن:

- توانای لە پێشدا نیشاندانی فایلە ڤیدیۆییەکە.
- راستەوخۆ تۆمارکردنی لەسەر DVD.
- توانای دانانی مۆسیقا بەویستی خۆت..
- توانای دروستکردنی مینۆی DVD بە تەواوی و چەند تایبەتمەندییەکی دیکە...





# کامێرایەکی وردیلە لە ئاستێکی بەرزدا

ژیان هیچ کاتێك ئەوەندە ئاسانتر نەبووە، ئامێرەکان بوونەتە هەمە کارە، تەنیا ئامێرێك چەند ئەرکێك ئەنجام دەدات، جیهانی ئامێرە گەورە و زەبەلاحەکان کۆتایی هاتووە، هەموو شتێك بەرەو بچووك بوونەوە دەچێت.. بۆ نموونە کامێرای وردیلەی C1 CookyCam کە ئەرکی کامێرایەکی مەزن بە زیاتریشەوە ئەنجام دەدات. ئەم کامێرا وردیلەیە ئەوەندە بچووکە بەقەد قووتوە شەقارتەیەك دەبێت، لە رێگای وای فای یان بلوتوسەوە بە کۆمپیوتەر و مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت، دەکرێت لە رێگای دوورەوە هەر بە مۆبایلەکەت وێنەی پێ بگری..لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس کاری دەگونجێت، دەکرێت وەك کامێرایەك بۆ ڤیدیۆ راستەوخۆ سوودی لێوەربگیردرێت. دەکرێت وەك کامێرای چاودێری و ئەمنییەتی دایبنێی و بەهەر جوڵەیەك بە پەنای دا بڕوات دەست بکات بە تۆمارکردنی فیلم. دەکرێت هەتا ٣ کاتژمێر بێ وەستان فیلم تۆمار بکات، بۆ ئۆتۆمبیل و پایسکلیش دەبێت و لەکاتی رۆیشتندا ڤیدیۆ هەڵدەگرێتەوە.

هەروەك ئاماژەی پێکرا بۆ سیستەمی ئەمنییەتی و چاودێری گونجاوە و بۆ کاری دزە پێکردن و سیخوڕیش دەگونجێت، هەر بۆیە شوێنە هەستیارییەکان، سەرپەرشتی منداڵان و چاودێری لە بە ساڵاچووان دەکرێت ئەو کامێرایان بۆ دابندرێت. کێشی کامێراکە تەنیا ٣٢ گرامە کەچی بە فوول ئیچدیش فیلم هەڵدەگرێتەوە و میمۆری ٣٢ گیگابایتی تێدایە.





# ئامێرێک بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلەکان

ڕەنگە هەر کام لە ئێمە، یەکێك لە کەلوپەلە گرنگەکانمان ون کردبێ و یان دزرابێ و هەرگیز دەستمان نەکەوتبێتەوە، یان زۆر جاران منداڵێکی بچووکتان لێ بزر دەبێ و نازانن لە کوێیە، یان لە فرۆکەخانەکان جانتاکانتان ون دەکەن، یان یەکێك لە ئەندامانی ماڵەوەتان پیرە یان نەخۆشی دەروونی هەیە بەڵام نازانی لە کوێیە؟ بە دانانی ئامێری بچووکی Wireless-Bluetooth-4-0-Mini-GPS-Tracker کە وەك میدالیای سویچە لە کۆڵ ئەو گرفتانە دەبیەوە، مەترسی ئەوەت نەبێت منداڵ یان ئەندامانی پیر و نەخۆشییە دەرونییەکانتان ون ببن، یان جانتا و کەلوپەلە گرنگەکانتان نەدۆزنەوە..

ئەو ئامێرە لەگەڵ موبایل بەهۆی بلوتوس یان وای-فای پەیوەند دەدرێت، هەرکاتێك لە مۆبایلەکە را بتهەوێ ئەگەر لێت نزیك بێت دەتوانی زەنگی بۆ لێبدەی، کە زەنگ لێدەدا و گلۆپێك هەڵدەکات، ئەگەر مەودای کەلوپەلەکە دووریش بێت دەتوانی لەسەر موبایلەکە نەخشەی جێگاکە ببینی و بزانی لە کوێیە..

دەکرێت وەك مەداڵیا لە مل بکرێت، یان لە شوێنێکی شاراوەی کەلوپەلە گرنگەکان دابندرێت.. خۆی چەندین ڕەنگی جیاوازی هەیە و ستایل و دیزانیشیان جیاوازە..





## سایتێک بۆ دروستکردنی رێکلام کارت

بزنس کارت یان بە واتایەکی دیکە کارتی ریکلام چ بۆ کۆمپانیا چ بۆ شوێنە بازرگانییەکان و تەنانەت بۆ کەسایەتی و تاکەکانیش گرنگی خۆی هەیە.. بۆ دروستکردنی ریکلام کارت پێویستی بە کەسی شارەزا هەیە کە دیزاینی و نەخشەسازی بۆ بکات، بەڵام ئەگەر بتهەوێ خۆت دەست بەکار بی پێویست بە هیچ پرۆگرام و شارەزاییەکی ئەوتۆ ناکات بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی Canva بدە، سایتێك تەنیا ئەوەندە بەسە ناوی خۆت یان جیمێلی خۆتی تێدا بنووسی و ئەکاونتێك بکەیەوە، پاشان هەموو کارەکان ئاسانە، دواتر دەتوانی ئەو بەشە هەڵبژێرەی کە مەبەستتە واتە ریکلام کارتەکەت دەکەوێتە چ بەشێکەوە وەك (بازرگانی، هونەری، پزیشکی، وەرزشی....) پاشان سەدان نموونەی لە مەبەستەی خۆتی تێدایە و دەتوانی یەکێکیان دیاری بکەی و دەستکاری بکەی. یان پێویست بەوەش ناکات هەموو ئەو شتانەی بۆ دروستکردنی رێکلام کارتێك پێویستە لەبەر دەستدایە...